Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# هەڵسەنگاندنێك بۆ بایکۆتی خوێندن
## ئاریشەو لێکەوتەکانی بایکۆت


**توێژەرەکان:**
د.شۆخان عمر عبدالرحمن
د.رحمان رسول فتاح


٢٠٢٥


Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

| جۆری بڵاوکراوە : | بابەت : | توێژەر: |
| --- | --- | --- |
| توێژینەوەی زانستی | پەروەردەیی | د.شۆخان عمر عبدالرحمن<br>د.رحمان رسول فتاح |

**بەیاننامەی دامەزراوەکە:**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کاردەکات لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ ودروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە رێگەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە سەرجەم گرفت و قەیرانەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو. ئێمە بەشداری دەکەین لە پاراستنی پێشخستنی وڵاتەکەمان، وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان، لە رێگەی پێشکەشکردنی (پۆڵەسی) بەرچاو ونی وچارەسەر دەدەین بە داڕێژەران و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

**تێبینی:**

ئەو دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە و خراونەتە ڕوو بریتیە لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکەیە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگاو بۆچونی دامەزراوەکە بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٥
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە دەرئەنجامی پانێڵێكی تایبەت بە دامەزراوەی ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیجی بەرهەمهێنراوە, كە ڕۆژی ٢٠٢٥/١/٢٣ بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە مامۆستایان و پسپۆڕان و ڕێنماییكاری پەروەردەیی و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و توێژەران بەڕێوەچوو دەربارەی پرسی بایكۆتی خوێندن ئاریشەو لێكەوتەكانی, دامەزراوەی ڤیژن ئەم توێژینەوەیە پێشكەش بە حكوومەتی هەرێم و بەتایبەت بە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا دەكات. لەم گفتوگۆ كراوەیەدا ئامادەبووان بۆچوونەكانی خۆیان لەبارەیەوە خستەڕوو، هەروەها هەندێك پێشنیاز خرانەڕوو بۆ چارەسەركردنی پرس بایكۆتی خوێندن.

ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ بایكۆتكردنی قوتابخانەكان لە هەرێمی كوردستان و هۆكارە سەرەكییەكانی و لێكەوتەكانی لەسەر سیتەمی پەروەردە دەكات. لە كاتێكدا بایكۆت لە مێژوودا وەك ئامرازێك بۆ بەرخودانی كۆمەڵایەتی و سیاسی بەكارهێنراوە، وەك لە ئیرلەندای سەدەی نۆزدەهەم و ئەفریقای باشووری سەردەمی ئاپارتاید. دۆخی هەرێمی كوردستان بەهۆی ناسەقامگیری ئابووری، دواكەوتنی مووچە و نەبوونی ژێرخانی ئابووری پێویست, مامۆستایان و كارمەندامی كەرتی پەروەردە پەنایان بردۆتە بەر بایكۆتكردنی خوێندن وەك ئامرازێك بۆ فشارخستنەسەر حكومەت، بەڵام ئەمە بۆتە هۆی پەكخستنی بەرچاو لە ساڵنامەی خوێندنی ئەكادیمی و كەمبوونەوەی كوالیتی خوێندن و ئاستی خوێندكار.

توێژینەوەكە لە هۆكارە سەرەكییەكانی بایكۆت دەكۆڵێتەوە, لەوانە خراپی باری دارایی و پشتگوێخستنی سیستماتیكی قوتابخانە حكومییەكان. هەروەها كاریگەری بایكۆت لەسەر مەنهەجی خوێندن و ئەزموونی فێربوونی خوێندكاران و بەڕێوەبردن و كارگێڕی قوتابخانەكان هەڵدەسەنگێنێت. دەرئەنجامەكان تیشك دەخەنە سەر پێویستی بەپەلەی چاكسازی لە سیاسەتدا، لەوانە پێدانی مووچە لەكاتی خۆیدا، زیادكردنی وەبەرهێنان لە پەروەردەدا, میكانیزمی جێگرەوە بۆچارەسەركردنی ناكۆكییەكان بۆ ڕێگریكردن لە تێكچوونی زیاتری سیستەمی پەروەردە. نەبوونی چارەسەری دەستبەجێ و خێرا وا دەكات لێكەوتو دەرئەنجامە خێراكان ڕێگری لە پێشكەوتنی پەروەردەیی و گەشەسەندنی ئابووری-كۆمەڵایەتی ناوچەكە بكەن.

## پێشەکی:

نیلسۆن ماندێلا سەرۆکی پێشووی ئەفریقای باشوور و شۆرشگێڕی بەناوبانگ جەختی لەسەر هێزی گۆڕانکاری خوازانەی پەروەردە کردۆتەوە و دەڵێت (پەروەردە بەهێزترین چەکە کە دەتوانرێت بۆ گۆڕینی جیهان بەکار بهێنرێت)، ئەم ووتەیە جەخت لەسەر باوەڕی ماندێلا دەکاتەوە بە پەروەردە وەك ئامڕازێکی بنەڕەتی بۆ گەشەپێدانی تاك و کۆمەڵگا. ئەو پەروەردەی وەك ئامڕازێك بۆ بەهێزکردنی تاکەکان و بەرەوپێشبردنی یەکسانی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی سەیردەکرد. چەمکی بایکۆت بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئەگەڕێتەوە بۆسالّی ١٨٨٠م لەووڵاتی ئێرلەندا کاتێك ناکۆکی ئەکەوێتە نێوان خاوەن زەوی و جوتیارو ڕەنجبەرەکانەوە بەهۆی بەرزکردنەوەی نرخی بەکرێگرتنی سالانەی زەوییەکانیان بەرێژەی ١٠% بۆ ٢٥% بۆ وەرگرتنی ئەو کرێیە لەلایەن کەسێك بە ناوی (بۆیکۆت یان بۆیکات) (MCNAMARA, 2019). وە لەبواری پەورەردە لە سالّی ١٩٨٠ لە ناوچەیەکی باشوری ئەفریقا قوتابخانەکان بایکۆتیان ڕاگەیاند دژی ستاندارو کوالێتی خوێندن.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا, ئەفریقای باشوور شایەتحاڵی بایکۆتی پەروەردەیی بەرچاو بوو وەك بەشێك لە بزووتنەوەی بەرفراوانی دژە ئاپارتاید. خوێندکاران نارەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر بە یاسای پەروەردەی بانتو کە خوێندنی جیاکراوە و ڕەگەزپەرستی جێبەجێ دەکرد. ئەم بایکۆتانە ئامانجیان تەحەدای سیستەمی پەروەردەی ستەمکارانە و داوای خوێندنی یەکسان و کوالّتی باش بوو بۆ هەموو خەڵکی ئەفریقای باشوور. زۆرجار نارەزایەتییەکان بریتی بوون لەڕەتکردنەوەی ئامادەبوون لە وانەکان و ڕێکخستنی خۆپیشاندان و پێك هێنانی جێگرەوەی پێکهاتە پەروەردەییەکان.ئەم کردارانە جەختیان لەرۆڵی پەروەردە دەکردەوە لە بەردەوامی و تەحەدای سیستەمی نادادپەروەری. ئەمانەش هاوتەریب بوو لەگەڵ تێڕوانینی ماندێلا بۆ پەروەردە وەك ئامڕازێکی بەهێز بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا ( SHAY, C. ,2023 ).

لەدوای سەرهەڵدانی جەنگی داعش چەندین گرفتی سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکە و عێراق دروست بوون، دواتر گرفتی ئابووری هەرێمی کوردستانی گرتەوە بەتایبەت لەسالّی ٢٠١٥ بەدواوە بەهۆی نەبوونی مووچە فشارێکی زۆر دروست بوو لەسەر ژیانی خەڵك بەگشتی و بەتایبەت بۆ چینی مامۆستایان و فەرمانبەران دواجار بووە هۆی بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندن لە لایەن مامۆستایان و ئەمەش بەدرێژایی ئەو مێژووە بەردوامە بووەتە لەمپەرێکی گەورە لەبەردەم پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەهەرێمی کوردستان.

## کێشەی توێژینەوەکە:

بایکۆتی قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان کە بە پلەی یەکەم دێت بەهۆی ناسەقامگیری ئابووری و پاشەکەوتی مووچە و نارازیبون لە سیستەمی خوێندنەوە بووە، وە بەشێوەیەکی بەرچاو کەرتی پەروەردەی پەکخستووە و ئاستی کوالێتی خوێندنی دابەزاندووە و لێکەوتەی درێژخایەنی بۆ خوێندکاران و مامۆستایان و دامەزراوە پەروەردەییەکان دروستکردووە. هەروەها بایکۆت ترس و نیگەرانی خوێندکارانی زیاتر کردووە بۆ داهاتوویان. ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن بۆ هۆکارەکان و لێکەوتەو ئاریشە و کاریگەرییە بەرفراوانەکانی بایکۆت دەکات, وە لێکۆڵینەوە بۆ چارەسەرە ئەگەرییەکان دەکات بۆ کەمکردنەوەی دەرئەنجامە نەرێنییەکانی بایکۆت.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١- بۆ شیکردنەوەی هۆکارە سەرەکییەکانی بایکۆتکردنی قوتابخانەکان، لەوانە ناسەقامگیری دارایی و دواکەوتنی مووچە, نارازیبوون لە کەرتی پەروەردە.

٢- بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی بایکۆت لەسەر سیستەمی پەروەردە، کاریگەرییەکانی لەسەر تەواوکردنی مەنهەج, ئەزمونی فێربوونی خوێندکاران.

٣- بۆ هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بایکۆت، لەوانەش ڕۆیشتن بەرەو خوێندنی تایبەت، کاریگەرییە دەروونییەکانی لەسەر قوتابیان و مامۆستایان و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی.

٤- گەڕان بەدوای چارەسەری جێگرەوە بۆ ڕێگریکردن لە پچڕپچڕبوونی خوێندن لەداهاتوودا، پێشنیارکردنی چاکسازی لە سیاسەتدا، میکانیزمی چارەسەری ناکۆکییەکان و باشترکردنی سیستەمی پەروەردە.

٥- پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ بڕیار-داڕێژەران و پێشنیازکردنی ڕێوشوێنەکان بۆ دڵنیابوون لە سەقامگیری دارایی و باشترکردنی حوکمڕانی و دروستکردنی ستراتیژیەتی بەردەوام بۆ چارەسەرکردنی داواکارییەکانی مامۆستایان بەبێ ئەوەی سازش لەسەر خوێندنی خوێندکاران بکرێت.

## هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بایکۆت:

زۆرێك لە مامۆستایان و کارمەندان ڕووبەڕووی دواکەوتنی مووچەو نایەکسانی و کێشەی دارایی بوونەتەوە ئەمەش بێزاری و ناسەقامگیری دارایی لێکەوتۆتەوە. هەروەها پێنەدانی مووچە بە ناتەواوی و سیستەمی پاشەکەوتی مووچەو نەبوونی پلە بەرزکردنەوە وایکردووە کە بەردەوامبوون لە کارکردن لە هەلومەرجێکی لەوجۆرەدا قورس بێت. بۆیە مامۆستایان بۆ وەرگرتنی مافەکانیان بایکۆت دەکەن بۆ دروستکردنی فشار لەسەر حکومەت .هەندێکجاریش فشار بۆ بایکۆتکردن دەکرێت لەلایەن کەس و کاری خوێندکارانەوە بەهۆی باری داراییەوە.

لەساڵی ٢.١٤ مامۆستایانی شاری سلێمانی دەستەیەکیان پێکهێنا بە ناوی دەستەی مامۆستایانی نارازی بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی مامۆستایان،دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم بڕیاریدا سیستەمی پاشەکەوتکردنی مووچە جێبەجێبکات بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی ئابووری، لەئەنجامی ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا. دەستەکە نوێنەرایەتی مامۆستایان دەکات لە دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتداران و ڕێکخستنی گردبوونەوە ونارەزایەتی و ئەنجامدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی. بەڵام مامۆستایانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەپرسی بایکۆت دووبەرەن، بەو پێیەی مامۆستایانی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە پشتیوانی لێدەکەن،مامۆستایانی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکیش لەگەڵ بایکۆت کردنی خوێندندا نین,بەبیانووی ئەوەی کاریگەری لەسەر ئاستی ئەکادیمی قوتابیان زیاترە لە کاریگەرییەکەی لەسەر دەسەڵات.

## لێكەوتەكانی بایكۆتی خوێندن :

**١-لێكەوتەكانی لەسەر ساڵنامەی خوێندن و پرۆگرامەكان:**

• كەمكردنەوەی ڕۆژەكانی ساڵی خوێندن لە ١٨٤ڕۆژ بۆ ١٥٨ بەهۆی دانانی ڕۆژانی شەممە بە پشوو لەناوەندەكانی خوێندن.

• كەمكردنەوەی بەشەوانەی بەشێك لە بابەتەكان وەك (ئاین،هونەر،وەرزش،كۆمپیوتەر،كۆمەڵایەتی).

• لەكاتی بەردەوامی بایكۆت پەنا دەبرێت بۆ كەمكردنەوەی سەرجەم بابەتەكانی خوێندن.

• درێژكردنەوەی پشووەكان كاریگەری لەسەر فەوتانی وانەكان دروست دەكات.

• زەرەرمەندبوونی خوێندكاران لە تەواونەكردنی مەنهەج و دابەزینی ئاستی معرفی.

**٢-لێكەوتەكانی لەسەر كاروباری خوێندكاران و ئەزموونەكان:**

• سەبارەت بەساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ وەرزی یەكەم نەخوێندراونمرەی وەرزی دووەم بۆ ساڵی خوێندن هەژماركرابۆ ساڵی خوێندن.

• درێژكردنەوەی ماوەی خوێندن لەوەرزی دووەم، ئەمەش بووە هۆی دواكەوتنی كاتی تاقیكردنەوە گشتییەكانی پۆلی ١٢ ئامادەیی بەهۆیەوە كەوتە كاتی گەرما،وە زۆربەی باڵەخانەی قوتابخانەكان شیاو نین كە هۆڵی تاقیكردنەوەیان تیادابنرێت بەهۆی نەبوونی سیستمی فێنكەرەوە ئەمەش بووە هۆی نالەباری ژینگەی هۆڵی تاقیكردنەوەكان بۆ خوێندكاران.

• دابەزینی ئاستی زانستی قوتابیان بەهۆی كەمكردنەوەی بابەتەكانی خوێندن بەتایبەت لە بازنەی یەكەم و پۆلی یەكەم بەدیاریكراوی چونكە سەرەتای ناساندنی قوتابخانەوپیتەكانی خوێندن لە پۆلی یەكەم دەست پێدەكات.

• دانانی نمرەی هەڵسەنگاندن بەتایبەت بۆ ئەمساڵ لە بازنەی یەكەم لەزۆرێك لەخوێندنگەكان بەتایبەت لەدەرەوەی شار بەشێوەی هەرەمەكی دانراوە.

• فێرنەبوونی پیتەكان و خوێندنەوە و نووسین بە تەواوی.

• لێكەوتەكانی بایكۆت تەنها لەسەر فێربوون نیە بەڵكو كاریگەری نەرێنی لەسەر كۆی پرۆسەی پەروەردەكردنی خوێندكاران هەیە لە هەموو ڕوویەكەوە.

**٣- لێكەوتەكانی لەسەر كارگێڕی قوتابخانەكان:**

• تێكچوونی پلانی ساڵانەی خوێندن بۆ سەرجەم كارو چالاكیەكانی خوێندنگە.

• كاریگەری دروست دەكات لەسەر دابەشكردنی بەشەوانەكان بەسەر مامۆستایان و خشتەی ڕۆژانەی وانەكان.

• ماوەی وانەكان زۆربەی كات ٤٠ خولەك تەواو ناكرێت.

• مامۆستا هەست بە بەرپرسیارێتی ناكات و ساردبوونەوە هەیە لە ئەدایان.

• مامۆستایان بەپێی پێویست ئەپدەیتی خۆیان ناكەنەوە.

• كاریگەری لەسەر دانانی پرسیاری تاقیكردنەوەكان.

• كارگێڕی قوتابخانە ناتوانێت وەكو پێویست پێداگری بكات لە جێبەجێكردنی ڕێنماییەكان و لێپرسینەوە لەكەم و كوڕیەكان بكات.

• كارگێڕی قوتابخانەكان لە دەرەوەی شار ناتوانن مامۆستایان پابەند بكەن بەدەوام جگە لە چەند ڕۆژێكی كەم لە هەفتەیەكدا.

• كاڵبوونەوەی ئاشتی كۆمەڵایەتی لەناو قوتابخانە وەكو ئەوەی لەكاتی بایكۆت بەشێك لەمامۆستایان سوورن لەسەر دەوامكردن و هەندێكان بایكۆت هەڵدەبژێرن.

• كاڵبوونەوەی ئاشتی كۆمەڵایەتی قوتابخانە لەگەڵ خێزانەكان لەدەرەوەی قوتابخانە(بەنمونە یەكێك لە بەرێوەبەرەكان ئاماژەی بەوەكرد كە پێشتر خێزانەكان بەتامەزرۆوە ئەیان ووت كەی دەوامی قوتابخانە دەست پێدەكات بەڵام ئێستا كەمتر ئەو پرسیارە ئەكەن بە هۆی ئەوەی ئەڵێن هەرچەن ڕۆژەكانی دەوامیش بفەوتێت قوتابیەكانمان هەر دەر ئەچن).

• کەمکردنەوەی بەشەوانەی هەر پۆلێك لە ٣٥ و ٣٦بۆ ٣٠ بەشەوانە لەهەفتەیەکدا (سیستەمی پەروەردە، ٢٠٠٩: ٩).

**٤- لێکەوتەکانی لەسەر کاروباری بەشی خۆیی بنەڕەتی و ئامادەیی:**

• لەکاتی گواستنەوەی هەمیشەیی و کاتی دا لەگەڵ بوونی ماوەی بایکۆتی زۆردا ناتوانرێت ڕێکخستنی میلاك وەك پێویست بکرێت.

• گرفتی مامۆستایانی وانەبێژ بەتایبەت لە پەروەردەی قەزاکان و شوێنەدوورەکان.

• جوڵەی مامۆستایان لەدەستی خۆیی و میلاکدایە بەهەماهەنگی بەشەکانی تری پەروەردە هەر لە گواستنەوەی هەمیشەیی و کاتی بۆیە لەگەڵ بوونی ماوەی بایکۆتی زۆردا ناتوانرێت ڕێکخستنی میلاك وەك پێویست بکرێت، وە هەندێك جار ڕوودانی گرفت لەنێوان مامۆستا و کارگێڕی قوتابخانەکان بەهۆی تۆمارکردنی دابڕان (غیابات) فەرمانەکانیان هەڵدەوشێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ناتەبایی و بێمتمانەیی و بەهەدەردانی توانای مرۆیی ماددی (سعید و هاوکارانی،٢٠١٨: ٧٤).

**٥-لێکەوتەکانی لەسەر کاروباری یەکەی سەرپەرشتیاری:**

• سەرپەرشتیارانی کارگێڕی دووچاری تەنگەژەی زۆر دەبنەوە لە دانانی پرۆگرامی هەڵسەنگاندن.

• جێبەجێنەکردنی ڕێنماییەکانی سەرپەرشتیاران لەکاتی سەردانی قوتابخانەکان.

• زۆر لێکتێنەگەیشتن لە کاری سەرپەرشتیاری لە نێوان بەڕێوبەرێتی پەروەردەی قەزاکان و یەکەکانی سەرپەرشتیاری.

• بەهۆی بارودۆخی دارایی لەساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ سەرپەرشتیکردنی بنەڕەتی و ئامادەیی یەکخرا کەئەمەش هەندێك لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بەدوای خۆیدا هێنا (تێکەڵاوکردنی ئیشوو کارەکان و نەمانی پسپۆڕی).

• لەگەڵ بوونی بایکۆت لەهەرساڵێکی خوێندندا پرۆسەی هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکان ڕاگیراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی نەزانینی کەم و کوڕیەکان و دانانی پلانی تۆکەمتر بۆ ساڵانی ئایندە.

**٦-لێکەوتەکانی لەسەر کاروباری بەڕێوەبەرێتی چالاکی وەرزشی و هونەری:**

چالاکییەکانی دەرورەی پۆل بەشێکی گرنگی چالاکییە فێرکاری و پەروەردەییەکانە و بریتیە لەجۆرەها چالاکی کۆمەڵایەتی و وەرزشی و فێرکاری و هونەریی و سەیران و گەشتی زانستی، سەرجەم ئەمانە بەمەبەستی فراوانکردنی ئاستی زانستی و بەستنەوەی قوتابخانە بە لقەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە سازدەکرێن (سیستەمی پەروەردە،٢٠٠٩ :37). بەڵام لەکاتی بایکۆت بەهۆی نەبوونی دەوام لە قوتابخانەکان سەرجەم ئەو چالاکیە وەرزشی و هونەری وکۆمەڵایەتییانە ڕادەگیرێن و بەهۆیەوە کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لەلای قوتابیان و خوێندکاران لەڕووی دەروونی و هەست و سۆزیانەوە هەروەك نوسراواوی فەرمی بەڕێوەبەرێتی چالاکی هونەری قوتابخانەکان تەنها فیستفاڵ و کاری چالاکیان بۆ قوتابخانەکانی ناحکومی ئەنجامداوە بەهۆی بایکۆتی خوێندن سەرجەم چالاکیەکانیان لە قوتابخانە حکومییەکان هەڵپەسارد بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤).بەهۆی نا سەقامگیری خوێندن نوسراوی (ب.گ.پ.سلێمانی :٥٣٩،٢٠٢٤/٥/١٦).

**٧- لێکەوتەکانی لەسەرکاروباری بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدان:**

• ئەنجام نەدانی کردنەوەی خولی تواندارکردنی مامۆستایان لە پسپۆڕیەکانیان لەکاتی ماوەی بایکۆت.

• ئەنجام نەدانی سمیناروکۆڕی زانستی وپەروەردەیی لەناوەندەکانی خوێندن.

• ئەنجامنەدانی ئەرکی مامۆستای ڕاهێنەر لە ناوەندەکانی خوێندن.

**٨- لێکەوتەکانی لەسەر کاروباری بەشی یاسایی:**

• لەکاتی ماوەی بایکۆت زۆر جار کاری لیژنەکانی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ گرفتەکان لە ناوەندەکانی خوێندن پەکدەخرێن یان کار ئەبەنجامەکانیان ناکرێ.

**٩- لێکەوتەکانی لەسەر کاروبارەکانی ژمێریاری**

• دواکەوتنی وەڵامدانەوەی ڕێنماییەکانی ژمێریاری بە هۆی نەبوونی دەوامی کارگێڕی ناوەندکانی خوێندن. سەرپەرشتیکردنی خەرجی و داهاتی قوتابخانەکان لە ئەستۆی بەشی ژمێریاری پەروەردەیە هەر لەگەڵ نەبوونی دەوامی قوتابخانەکان بەهۆی بایکۆتی خوێندن کاریگەری دروستدەکات لەسەر دواکەوتنی وەڵامدانەوەی ڕێنماییەکانی ژمێریاری و بەهۆیەوە ئاستەنگ دروست دەکات بۆ پێداویستییەکانی قوتابخانەکان (سعید و هاوکارانی،٢٠١٨: ٧٤) .

**١٠-دروست بوونی جیاوازی چینایەتی :**

• بوونی قوتابخانە ناحکومییەکان هۆکارە بۆ دروست بوونی جیاوازی چینایەتی.

• دەرئەنجامی بایکۆت دروستبوونی دوو بەرهەمی جیاوازی بڕوانامەو هەلی کار, جیاوازییەکی زۆر لەسەر دەستکەوتنی هەلی کار لە نێوان دەرچووانی خوێندنگەو زانکۆ ناحکومییەکان و حکومییەکان.

• لەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەندێکجار قوتابیانی خوێندنگە ناحکومییەکان قوتابیانی خوێندنگە حکومییەکان قبوڵناکەن. جۆرێك لە لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەبینرێت لە نێوان قوتابیانی خوێندنگەی حکوممی و ناحکوممی.

**١١- لێکەوتەکانی لەسەر باری دەروونی و کۆمەڵایەتی:**

• لاوازبوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان.

• نەبوونی متمانە لەلای مامۆستایان و خوێندکاران.

• دەروونی مامۆستایان و خوێندکاران و کەسوکاری خوێندکاران شێواوە.

• نەمانی متمانە بەخوێندنی حکوومی.

• نیگەرانی کەس و کاری خوێندکاران و بێ هیوا بوونیان لە ئایندەی منداڵەکانیان.

**١٢- زیادبوونی خواست لەسەر وانەوتنەوەی تایبەت و زیادبوونی قوتابخانەی ناحکومی.**

لەگەڵ بەردەوامی بایکۆت ژمارەی قوتابیان لە ناوەندەکانی ناحکومی زیادیکردووە ئەگەر بەنمونە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) وەربگرین ژمارەی قوتابیان ( ٢٨٦٥٨) قوتابییە بەڕەگەزی نێرومێ بەڵام ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ ڕێژەکەی بەرز بووەتەوە بۆ (٣٠٨٤٣) قوتابی، واتە (٢١٨٥) قوتابی زیاتر ڕوویان کردۆتە قوتابخانەی ناحکومی بە بەراوورد بە ساڵی ڕابردوو(ب.گ.پ.سلێمانی،٢٠٢٥).

## هەڵسەنگاندنی گشتی بۆ دۆخی بایکۆت:

بایکۆتکردن شێوازێکە لە خەباتی مەدەنیی بەڵام لە ڕابردوودا زۆرجار بایکۆتکردن توندوتیژی لێکەوتۆتەوە، دەچووە دەرەوەی ئاڕاستەی کاری مەدەنی. سەرەڕای ئەوەش بایکۆت نەبۆتە خەمی هەمووان لەسەر ئاستی تاکەکەسی بۆ حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان. هەروەها نەتوانراوە قەناعەت بە چینەکانی تری کۆمەڵگا بکرێت وەك (کاسبکاران, خوێندکارانی زانکۆ, کەسوکاری قوتابیان ....هتد) شانبەشانی مامۆستایان بەشدار بن لە بایکۆت و دەربڕینی نارەزاییەکان. وە یەکێك لە دەرئەنجامەکانی بایکۆتی مامۆستایان زیادبوونی خوێندنگە ناحکومییەکان . جگە لەوەش هەبوونی جیاوازی بایکۆت لەنێوان شارەکاندا بەهۆی دووئیدارەیی و ململانێی حیزبی دۆخەکە خراپتر دەکات. وە لە کۆتاییدا زەرەرمەندی یەکەم لە بایکۆتکردنی خوێندن خوێندکارانن. لەبەر ئەوەی بایکۆتکردن شێوازێکە لە خەباتی مەدەنی وە بەهۆی نەدانی مافەکانی مامۆستایان بۆیە بایکۆت ڕەوایەتی هەیە، وە پرۆسەیەکی پەروەردەییە بۆ ئەوەی نەوەیەك پێبگەیەنن کە لە ئاست داواکردنی مافە ڕەواکانی خۆیان بێدەنگ نەبن.

## کێشەکانی دەرەوەی بازنەی بایکۆت:

- خراپی و دواکەوتنی باری خوێندن تەنها هۆکارەکەی بایکۆت نەبووە چەندین هۆکاری تر هەیە کە کاریگەری خستۆتە سەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بایکۆت تەنها کاریگەری لەسەر فێرکردن هەبووە.
- تەنها بایکۆت هۆکار نیە بۆ قەیرانەکانی سیستەمی پەروەردە، لە سنورەکانی تری هەرێمی کوردستان بایکۆت نەکراوە، بەڵام سیستەمی پەروەردە بەهەمان شێوە قەیراناوییە.
- ژمارەی خوێندنگە ناحکومییەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر دووهێندەی سلێمانییە، لە کاتێکدا پرۆسەی بایکۆتکردنی خوێندن لەوێدا نییە.
- کەمی پۆل و زۆری ژمارەی قوتابیان.

## دەرئەنجام:

لەکۆتاییدا بۆمان دەرکەوت کە بایکۆتی ناوەندەکانی خوێندن لەلایەن مامۆستایانەوە کۆمەڵێك لێکەوتەی نەرێنی پەروەردەیی و کارگێڕی و ژمێریاری لێدەکەوێتەوە کە تیایدا زەرەرمەندی یەکەم قوتابی و خوێندکارانن. بایکۆتی قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەی پرس و کێشە قوڵەکانی ناو سیستەمی پەروەردەیە، بەهۆی ناسەقامگیری باری دارایی، خراپی حوکمڕانی و تەرخاننەکردنی سەرچاوەی پێویستەوە خراپتر دەبێت. لە کاتێکدا مامۆستایان و خوێندکاران بایکۆتیان وەك ئامرازێك بۆ فشارخستنە سەر حکومەت بەکارهێناوە، بۆیە لێکەوتەکانیشی دوورمەودابوون. کەمکردنەوەی ڕۆژەکانی خوێندن، کەلێنەکان لە پرۆسەی فێربوونی خوێندکاران و دابەزینی ئاستی قوتابخانەکان هەموویان جەختدەکەنەوە سەر پێویستی بەپەلە بۆ چاکسازی لە کەرتی پەروەردە. چارەسەرکردنی ئەم ئاریشەو لێکەوتانە پێویستی بە ڕێبازێکی فرە لایەنە هەیە. حکومەت دەبێت ئەولەویەت بدات بە پێدانی مووچە لە کاتی خۆیدا، مسۆگەرکردنی بودجەیەکی دادپەروەرانە، وە وەبەرهێنان لەژێرخانی ئابووری قوتابخانەکان بکات. سەرەڕای ئەوەش، پێویستە چارەسەری جێگرەوە بۆ چارەسەرەکردنی ناکۆکییەکان دابنێن- وەك دانوستان و چاکسازی لە سیاسەتدا بۆ ڕێگریکردن لە پشێویی و دابڕان لە خوێندن. ئەگەر ئەم پرسانە بەبێ چارەسەر بمێننەوە، زیانە درێژخایەنەکان بۆ سیستەمی پەروەردەی کوردستان زۆردەبن و کاریگەری لەسەر خوێندکاران و گەشەسەندنی گشتی ناوچەکە دەبێت. بایکۆت و خوێندنی پچڕپچڕ پرسێکی گرنگە و پێویستی بە بڕیارو کردەی چالاکی حکومەت و هەوڵە بە کۆمەڵەکان هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەسەری یەکلاکەرەوە و بەهێزکردنی سیستەمی پەروەردە. لەڕێگەی چاکسازی ڕیشەیی دەتوانرێت هەرێمی کوردستان بەرەو ئایندەیەکی سەقامگیرترو یەکسانتر لە بواری پەروەردەدا هەنگاو بنێت.

## ڕاسپاردە وپێشنیاز:

بە پشت بەستن بەو تێبینی و ڕەخنانەی کە خراونەتە ڕوو, ئەم پێشنیازو ڕاسپاردانە پێشنیاز دەکرێن بۆ حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی بایکۆتی بەردەوامی کەرتی پەروەردە و ئاستەنگەکانی بەردەم کەرتی پەروەردە.

١- پرسی بایکۆت پێویستی بە چارەسەری ڕیشەیی و یەکلاکەرەوە هەیە,حکومەتی هەرێم لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێت چارەسەرێکی هەمەلایەنە و درێژخایەن بۆ بایکۆتکردنی بەردەوام دابنێت. وەڵامە تەقلیدیەکان هیچ کاریگەریەکیان نەبووە، بۆیە ڕێگای کاریگەرترو داهێنەرانەتر پێویستە بۆ چارەسەری پرسە داراییەکان کە ڕووبەڕووی ئەم کەرتە بوونەتەوە. بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم ئەولەیەت بدات بە پەیوەندیکردن لەگەڵ مامۆستایان و پەروەردەکاران و سەندیکاکان بۆ تێگەیشتن لە وردەکاری هۆکارەکانی بایکۆت وە دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ مووچە و پرسەکانی تر لە ناو کەرتی پەروەردە.

٢-پێداچوونەوە بە میکانیزمی بایکۆت بکرێت, پێویستە پێداچوونەوە و داڕشتنەوە بۆ شێوازی بایکۆت بکرێت لە کلتوورە تەقلیدیەکە دەربچێت و میکانیزمێکی تر بگرێتەبەر، بایکۆت ببێت بە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی تەنها مامۆستایان و کەرتی پەروەردە نەبێت وە ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە بەردەوامی بە پەیامەکەی بدات.

٣-لەبەرئەوەی تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەرنامەوپلانی دوور مەودامان نیە بۆ بەرەو پێش بردنی بواری پەروەردە و فێرکردن یاساو ڕێنماییەکان زۆربەی جار گشتگیرنین یان هێندە بەپەلە ئاراستەی ناوەندەکان دەرکرێت گونجاندنیان  زۆر بەکەمی پێوە دیارە کە بتوانرێت لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکان بگونجێن و تواناى جێبەجێکردنیان هەبێت لە ڕووی کات و شوێنی جوگرافیای ناوەندەکانی خوێندن. بۆیە دەبێت پێداچوونەوە بە بڕیارو پلانەکاندا بکرێتەوە.

٤- یەکێك لە پایە گرنگەکانی کارگێڕی دروست پاراستنی یەکسانی و مافەکانە لە نێوان کەسەکانی ناو ناوەندەکانی خوێندن و بەڕێوەبەرێتیەکان،پێویستە لەسەر شانی هەر لێپرسراوێکی کارگێڕی کە بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی لە ئەستۆدایە میتۆدی بەڕێوەبەری سەرکردە بە پراکتیکی جێبەجێبکات کە دەبێتە هۆی بنبڕکردن یان کەمبوونەوەی جیاوازییەکان لە نێوان تاکەکاندا لەو سەرچاوە مرۆییەی لەبەردەستماندایە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکارەکانی ڕۆژانە و بەدیهێنانی ئامانجەکان،هەرچەندە ماوەی ساڵانێکە وەزارەتی پەروەردە ئەم شێوازی بەڕێوەبردنەی لەشێوازی بینینی خول گەیاندۆتە ناوەندەکان بەڵام هێشتا نەتوانراوە بیرکردنەوەی شێوازی دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتییەکان وەك پێویست پیادەبکرێت ئەمەش لە ئەنجامی ململانێنی کارگێڕی (الصراع الاداری) دا دروست دەبێت.

٥- پێویستە وەزارەتی پەروەردە گرنگی بدات بەبوونی پەیکەرێکی کارگێڕی گونجاو کە بگونجێت لەگەڵ توێژینەوەکانی بواری کارگێڕی، زۆرێك لەو توێژینەوانە باس لەوەدەکەن کە پەیکەری کارگێڕی  زانستی و دروست پێویستە ڕەچاوی پلەبەندی و دابەشکردنی ئەرکەکان و ڕێساو ڕێکارەکانی تێدا ڕەچاو کرابێت، هەروەها ڕێکخستنەوەی کاری سەر پەرشتیاری لەو پەیکەرەدا بەشێوەیەك بێت لە ئاستی ئامانج و داخوازییەپەروەردەییەکانی  وەزارەت بێت تا بتوانرێت  دەزگای سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بەشێوەیەکی کارو زانستییانە ڕێنمایی و بەدواداچوون و کاری هەڵسەنگاندنی دروست ئەنجام بدات.

٦-پێویستە وەزراەتی پەروەردە میکانیزمی دابەشکردنی مامۆستایان و فەرمانبەران بە جۆرێك ئەنجام بدات کە داد پەروەری و یەکسانی بەدی بکرێت و نەبێتە دروست بوونی کێشەی زیادەی میلاك لە ناوەندێکی خوێندن لە ناوچەیەك و کەمی میلاك لە ناوەندێکی تر،بەداخەوە زۆر جار لەبەر بوونی دەستوەردانی دەرەکی ئەم ناهاوسەنگیە دروست دەبێت کە دەبێتەهۆی گرفتی نەخوێندنی بابەتێکی خوێندن یان نەبوونی کارمەندێکی کارگێڕی یان خزمەتگوزاری.

٧- پێویستە حکومەت سیاسەتێك بگرێتە کە تیشك بخاتە سەر لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتی خەرجییەکانی حکومەت کە بۆ وەبەرهێنان لەبواری پەروەردەدا تەرخانکراوە, لەوانە پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن, بەرزکردنەوەی ئاستی ستافی وانەوتنەوە، پەرەپێدانی شێوازی پەروەردەیی.

٨- پێویستە وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی زیاتر بدات بە هەمووارکردنەوەی یاساکانی مووچە کە بەشێوەیەك ڕێك بخرێتەوە کە دڵنیا بێت لەوەی هەر کاراکتەرێك موچەکەی بەهای ڕاستەقینەی ئیشەکەی خۆی پێدەدرێت.

٩-پێویستە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان گرنگی تەواو بدات بە کوالێتی و باشترکردنی گشتگیری لایەنەکانی پەروەردە، کە دەتوانرێت لە شێواز و بنەماکانی کارگێڕی جۆری گەشەی پێبدرێت و کاری ناوەندەکانی خوێندن تەنها بڕینی ئاستێکی خوێندن و بڕوانامە نەبێت،بەڵکو لە هەردوو بواری فێرکردن و پەروەردەوە قوتابیان ئامادە بکرێن بۆ ئەوەی تاکێکی بەرهەمدار وسوبەخش بێت بۆ خۆی و دەوروبەری.

.١٠- پێویستە بەشێوەیەکی باشتر گرنگی و بایەخ بدرێت بە لایەنی بوونی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ڕێکخراوە پەروەردەییە نێوخۆیی و ئیقلیمی و جیهانییەکان لە پێناو زیاتر وەرگرتنی زانیاری و پشتیوانی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن ئەمەش دەبێتە پشتیوانیەکی باش بۆ ڕێکخراوی مامۆستایانی هەرێم و هاوکاریکردنی وەزارەتی پەروەردە لە پێشخستنی کارەکانیدا. هەروەها دەبێت فشار بکرێت لەلایەن ناوەندە پەروەردەییەکان و ڕێکخراوە جیهانیەکانەوە بۆچارەسەرکردنی پرسی بایکۆت.

١١-دروستکردنی بزووتنەوەیەکی پەروەردەیی بەشێوەیەك بێت لەهەر قوتابخانەیەك یەك مامۆستا دیاری بکرێت بۆ بزووتنەوەکە. زۆر گرنگە بزوتنەوەیەکی پەروەردەیی بەو شێوەیە دروست بکرێت کە مامۆستایان و پێکهاتەکانی کەرتی پەروەردە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بەیەکەوە ببەستێتەوە. پێویستە هەموو قوتابخانەیەك پەروەردەکارێك نوێنەرایەتی بکات بۆ دروستبوونی هەماهەنگی هەوڵەکان لەسەر ئاستی گشتی و دڵنیابوون لەوەی هەموو قوتابخانەی شارو شارۆچکەکان کەسێك نوێنەرایەتیان دەکات. ئەم بەشدارییە گشتیە دەبێتە هۆی هاودەنگی و ڕێبازێکی یەکگرتوو بۆ چاکسازی کەرتی پەروەردە.

١٢- پێویستە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هانبدرێن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هۆکاری بنەڕەتی و کاریگەریەکانی بایکۆت. ئەنجامدانی ئەم جۆرە توێژینەوانە گرنگە بۆ چارەسەری باشتر و داهێنەرانەتر بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ناو کەرتی پەروەردە.

## سەرچاوەکان:

١-پانێڵی (هەڵسەنگاندنێك بۆ بایکۆتی خوێندن ئاریشەو لێکەوتەکانی بایکۆت و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی) لەلایەن دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، ٢٣-١-٢٠٢٥.

٢-بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی،٢٠٢٥ خشتەی زانیاری دامەزراوە ناحکومیەکانی هۆبەی قوتابخانەوپەیمانگە ناحکومیەکان.

٣-بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی،٢٠٢٤.

٤-سیستەمی پەروەردە،٢٠٠٩،پەرتووکی سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٥-سعید،ئاکۆعبدالمجید-بیلال اسماعیل حمە-دڵشاد عمرمحمد کریم،٢٠١٨،ڕێبەری کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی،ژمارە (١).

6- MCNAMARA, R. (2019). BOYCOTT. THOUGHTCO., HTTPS://WWW.THOUGHTCO.COM/DEFINITION-OF-BOYCOTT1773364

7- SHAY, C. (2023). HIGH SCHOOL SRCS CONTRIBUTION TO DEMOCRATIZED SCHOOL GOVERNANCE IN SOUTH AFRICA. UNIVERSITY OF JOHANNESBURG (SOUTH AFRICA).

Vision Foundation
for Strategic Studies

+964 772 330 0005
info@vfssiq.org
Sulaymaniyah , Ashty ,
Opposite to Azadi Park

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە